# زیادە ڕەوی لە دین هۆی لە ناوچوونە

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى الـه وسـلم ئەفـەرموێ : ( إيـاكم و الغلـو في الدين ، فإنما هلك من كان قبلكم بـالغلو في الـدين ) سلسلة الاحاديـث الـصحيحة 1283 واتە : ( ئاگادارتان ئەكەمەوە لە زیادە ڕەوی لـە دیـن ، ئەوانـەی پـێش ئێوە =جولەكەو دیانەكان= لە ناو چوون بە هۆی زیادە ڕەویان لە دین ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( هلك المتنطعون قالها ثلاثا ) رواه مسلم واتە : ( لە ناو چوون ئەوانەی زیادە ڕەوی ئەكـەن =لـە قسەو كردەوەو پرسیار كردن و بە دوا داچوون= سێ جاران لە سەر یەك ئەمەی فەرموو ) .

## ئەو شتانەی لەم دوو فەرموودە وەر ئەگیرێ

1- زیادە ڕەوی لە دین هۆی لە ناو چوونە.

2- زیادە ڕەوی لە دین لە سیفاتی جولەكەو دیانەكان بوو .

3- پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى الـه وسـلم ئێمـەی لـەوە ئاگـادار كردۆتەوەو ترساندووە كە زیادە ڕەوی بكەین لە دین .

4- هەموو جۆرە زیادە ڕەوییەك لـە دیـن زەم كـراوەو خاوەنەكـەی خـۆی چواندووە بە جولەكەو دیانەكان .

## هەندێك لە جۆرەكانی زیادە ڕەوی لە دین

1- زیادە ڕەوی لە عیبادەت و خوا پەرستی بەوەی شتێ زیاد بكـەی كـە لە شەرعدا نیە لە نوێژو زیكرو دوعا و هەر عیبادەتێكی تر .

2- زیادە ڕەوی لـە حـوكم دان بـە سـەر خـەڵك وەك تـەكفیر كردنـی یـان تەبدیع كردنی یان تەفسیق كردنی بە ناحەقی موسڵمان .

3- زیادە ڕەوی لە حەڵاڵ و حەرام كردن وەك حەڵاڵ كردنی ئەو شـتانەی خوا حەرامی كردوون لە ڕیباو مۆسیقاو هەموو حـەرام كراوەكـانی تـر یان حەرام كردنی ئەو شتانەی كە خوا حەڵاڵی كردوون وەك گۆشت و

نان و جلی پەمۆ و ژن هێنان و شوو کردن و هەموو شتەکانی تـر کـە حەڵاڵن .

4- لـە هـەمووی ترسـناك تـر زیـادە ڕەوی لـە مـردوان و پیـاو چـاکان و گۆڕەکانیان بەوەی گۆڕیان بکرێ بە مزگەوت و بینای لە سەر بکرێ و خەڵك لە جیاتی خوا داوا لەوان بکات بۆ شیفاو چاك بوونەوەو منالّ و شتی تر ئەوەش گەورە ترین تاوانە .

5- زیادە ڕەوی لە بانگـەواز بـۆ ئیـسلام بـەوەی ڕێگـای غـەیرە شـەرعی بگریتە بەر بە ناوی بانگەوازی ئیسلامی و بەرژەوەنـدی موسـڵمانان و بـەرەنگاری کردنـی دوژمنـانی ئیـسلام وەك ئـەوەی حیـزب دروسـت بکەی بە ناوی ئیسلام و حیزبایەتی و تەفریقە کە ئیـسلام لێـی بەریـە بیکەی بە ماڵ بە سەر ئیسلام هەر بەناوی ئیسلامیش ! .

6- زیادە ڕەوی لە جیهاد لە پێناوی خوا وەك ئەوەی موسڵمان بکـوژی و یان خۆت بکوژی و بتەقێنیەوە لە ناو بازاڕو خەڵکی بێ تاوان و فـەرق لە بـەینی منـاڵ و ژن و دۆسـت و دوژمـن و کـافرو موسـڵمان نەکـەیت بشڵێی من ئەمە بۆ ئیسلام ئەکەم بێ ئەوەی شـەرم بکـەی موسـڵمان بکوژی بڵێی خزمەتی ئیسلام ئەکەم ! ! ! .

7- زیادە ڕەوی لە خۆشویستنی سەرۆك و شێخ و مامۆسـتاو پێـشەواکان و عەشیرەت و پارەو مناڵ و خێزان و دایك و باوك و نیشنیمان و هـەر شتێکی تر بەوەی کە بیان هێنیتە ڕیزی خۆشویستنی خوا یـان ڕیـزی خۆشویـستنی پێغەمبـەر صـلی الله علیـە وعلـی الـە وسـلم یـان ڕیـزی خۆشویستنی دین .

**باوکی حارث**